## Referendum Movement in Kurdistan

له چوارچێوەی پراکتیزی کردنی کارەکانی بزووتنەوەی ریفراندۆم وبۆ گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەو جەماوەرەکەی بۆ دەزگاو کەسایەتیە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان و دەربرینی هەڵوێستی لەمەر رەشنووسی دەستوری عێراق و چەخت کردنی بزووتنەوە لەسەر داخوازیەکانی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی ئازاد لەکوردستان بۆ دیاری کردنی مافی چارە نووسی گەلی کورد ، بزووتنەوە رۆژی 7 – 10 – 2005 یاداشتێکی ئاراستەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان ، پەرلەمانی ئەوروپی ، کۆشکی سپی ، بەرێز تۆنی بلێر و بریاریشە هەمان یاداشت ئاراستەی کەسایەتی و پەرلەمانی وولاتانی تریش بکرێت .
فەرموون لە خوارەوە دەقی یاداشتەکە .

**راگەیاندنی کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولات**

.................................................................................................

## Referendum Movement in Kurdistan

### یاداشتی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان

بەرێزان ........................

سلاو و ریزتان ئاراسته بێت .

پاش ئەو گۆرانکاریانەی بەسەر ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا هات و پاش روخاندنی رژێمی سەدام ، گەلی کورد بەچاوی پڕ هیواوە روانییە پاشە رۆژێکی گەشەوە ، چاوەروان بوو مێژوویەکی نوێ بۆ ئەم گەلە تۆمار بکرێت و ئەو گوناهەی بەرامبەری کراوە بسڕێتەوە و رێگای پێ بدرێت وەک هەموو گەلانی جیهان بریار لە چارەنووسی خۆی بدات .
کوردستان لە سەرەتای سەدەی رابردوو بە نارەوایی پارچەپارچە کراوە بێ ئەوەی گەلەکەی ئارەزومەند بێت لەونەخشەیە ، بەرژەوەندی سیاسی نێودەولەتی ئەو سەردەمە ئەم ناوچەیەی بەو ئاقارە برد و گەلی کوردیش باجی ئەو بەرژەوەندییە سیاسیەی داوە و قەیرانێکی بێ کۆتایی لەناوچەکەدا سەری هەڵدا و کۆتایشی نایەت تا ئەو میللەتە نەگات بە مافی رەوای خۆی لە دامەزراندنی دەوڵتی سەربەخۆی خۆی .
کوردستانی باشور ( باکوری عێراق ) وەک پارچەکانی تری کوردستان تووشی جەنگی جینۆساید بووە و هەرەشە لە رەگەزی کراوە ، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ئەوەی پێیان کرابێت بەرامبەر ئەم میللەتە درێخییان لێ نەکردووە ، کوشتنی بەکۆمەڵ ، دەربەدەرکردن ، ئاوارەیی ، سووتاندنی خاک ، خنکاندن بە ژەهری کیمیاوی و لەهەموی ترسناکتر جەنگی نا مرۆڤایەتی بۆ فەوتاندنی ناسنامەی نەتەوایەتی . ئەم میللەتەش وەک هەموو میللەتانی ژێر دەستەی ئەم سەر زەمینە مافی خۆی بەکار هێناوە لە بەرگری کردن و قوربانییەکی زۆری داوە لەو رێگایە .
وا پتر لە دووساڵە لە کوردستانی باشور بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەربەخۆ سەری هەڵداوە ، کۆشش دەکات لە رێگای خەباتێکی سیڤیلی پشت بەستوو بەیاسا نێو دەوڵتیەکان بۆ بەدی هێنانی مافی میللەتی کورد لەدامەزراندنی دەوڵتی سەربەخۆی کوردستان .
بزووتنەوەی ڕیفراندۆنی کوردستان بزووتنەوەیەکی جەماوەریی سەربەخۆی کوردستانییە ، 1750000 ئیمزای خەڵکی کوردستانی خستۆتە بەردەم ئەنجومەنی حوکمی گواستنەوەی عێراقی ، نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئۆروپی و بەریتانی و سویدی و حکومەتی دانیمارکی وچەندین یاداشتی ئاراستەی حکومەتەکان کردووە ، تێیدا میللەتی کورد داوای کردووە لە ڕیفراندۆمێکدا ئازادانە بریار لە چارەنووسی خۆی بدات .
بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان لە 30 – 1 – 2005 لە پاڵ هاڵبژاردنەکانی عێراقدا ڕیفراندۆمێکی نا فەرمی کردووە و لە خەڵکی کوردستانی پرسیوە ، کوردستانێکی سەربەخۆت دەوێت یان مانەوە لەگەڵ عێراقدا ، 98،7 % ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە .
ئەمرۆ لە عێراقدا رەشنووسی دەستورێک ئامادە کراوە بۆ پاشە رۆژی عێراق و بریارە لە 15 – 10 – 2005 دەنگی لەسەر بدرێت وببێتە دەستوری هەمیشەیی عێراق . بەداخەوە ئەو

رەشنووسە بەندێکی تیادا نییە سەبارەت بە دانان بەمافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان ، هەر چەندە لەو پرۆژەیەی لایەنی کوردستانی ئامادەی کردبو ئەوا لەمادەی 61 داوای دانان بە مافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان کرابو کە بتوانێت پاش هەشت ساڵ لە پەسەند کردنی دەستور ، بە ڕیفراندۆمێک چارەنووسی خۆی دیاری بکات ، یان لە حاڵەتی رودانی یەکێک لەو چوار حاڵەتەی کە لەو بەندانە دیاری کرابوو .

جێی داخە ئەو داواکارییە لە لایەن لایەنە سیاسیەکانی عێراقەوە پەسەند نەکرا ، ئەمەش بێ باوەری زۆری لای خەڵکی کوردستان دروست کردووە و دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر دەنگی بۆ نەدەن یان هەر نەچن بۆ دنگدان .خۆ ئەگەر خەڵکانێکیش بە هەر جۆرێک راکێشرێن بۆ دەنگدان بەو دەستورە ، تەنها لەبەر ئەوەیە کە پرسەکە هەر یەک پرسە و هەڵبژاردەی دووەمی تیا نییە .

داخوازی بزووتنەوەکەمان بۆ بەدیهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد لەرێگای ڕیفراندۆمەوە مافێکی رەوایە پشت بەستووە بە یاساو پەیمانە نێودەوڵەتیەکاینی پەیوەستە بەو مافە ، لەوانەش مادەی ( 1 ، 2 ) و مادەی 55ی پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەسەرەتای سەدەی رابردوو ، جاڕدانی 14ی کانونی یەکەمی 1960 ی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە میللەتانی ژێر دەستە و ناوچە داگیرکراوەکان ، مادەی یەکەم و دووەمی یاسا سیڤیلی و رۆشەنبیرو کۆمەڵایەتیەکانی 1966ی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تیایدا هاتووە : میللەتان مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەیە . عێراق کە ئەندامە لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو پەیمانانەی ئیمزا کردووە ، پێویستە ئامادەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پەیمانانەی ئیمزای لەسەر کردووە .

کۆمەڵگای نێو دەوڵتی لە سەرەتای سەدەی رابردوو دانی بە مافی گەلی کورد هێناوە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی ، پەیمانی سیڤەر کە لە 10 – 8 – 1920 ئیمزا کراوە و لە بەندەکانی 62 ، 63 ، 64 راشکاوانە دانی بەوە ناوە کە گەلی کورد دەتوانێت دوا رۆژی خۆی دیاری بکات بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆ ، بەڵام بەرژەوەندی چەند دەوڵتێکی ئەو سەردەمە بە پێچەوانەی دامەزراندنی دەولەتی کوردی بوو ، بۆیە ئەو بەندانەی پەیوەندی بە گەلی کوردەوە هەبوو جێبەجێ نەکران .

راستیەکی ترهەیە دەمانەوێت بیخەینە بەر چاوتان ، بەشێک لەلایەنە سیاسیە دیموکراتیەکانی عێراق دان بە مافی چارەنووسی گەلی کورد دەنێن ، کەچی ئەو دەستورە هچ ئاماژەیەکی تیانەکراوە بۆ ئەو مافە رەوایەی خەڵکی کوردستان .

لێرەدا رووەدەکەینە ئێوەی بەرێز وداواتان لێ دەکەین پشتگیری لە داواکاری ئێمە بکەن کەداواکاری بەشی زۆری خەڵکی کوردستانە و دەمانەوێت لەکاتی دەنگدان لەسەر دەستور یان لە داهاتوویەکی نزیکدا رێگا بە خەڵکی کوردستان بدرێت لە رێگای ڕیفراندۆمەوە دەنگ

بۆ دیاری کردنی پاشە رۆژی خۆیان بدەن ، ئەوەش مافێکی رەوای ئەو گەلەیە و گەلانی دنیا لەم رێگایەوە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بە ئاواتی خۆیان گەیشتوون لە سەربەخۆیی .
دەنگدانی ئازادانە دەبێت ئەگەرەکان بخاتە بەر دەمی خەڵکی کوردستان و ئەوان دەنگ لەسەر یەک ویستی خۆیان بدەن :

1. دەتەوێت کوردستان وولاتێکی سەربەخۆ بێت .
2 . دەتەوێت کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بێت وەک لەم دەستورەدا هاتووە .

دووبارە هیوادارین پشتگیری لەم داوا رەوایەی گەلی کوردستان بکەن .

لەکەل ڕێزی بێ پایانمان .

**بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان .**
**2005 – 10 – 7**